# جولانەوەی ئێستای کوردستانی ئێران

و

# مافی دیاری کردنی چارەنووس

هەواڵنامەی کتێب

خـالـد عزیـزی

سەرماوەزی ٦٥

دیسامبری ٨٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ، لەماوەی نیزیک بە هەشت سالی رابردودا لە دژی ریژیمی کونە پەرستی جمهوری ئیسلامی ئێران راوەستاوە و لە هەموو باریکەوە چ سیاسی و تەشکیلاتی و چ چەکداریدیان قوناخی تێ پەراندووە و ئال و گوری جوراوجوری بەخویەوە دیوە . هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەدان قارەمانێتی و حەماسەی بێ وێنەی مێژوویی خولقاند ـ وە . خەلکی زەحمەتکێشی کوردستان بە شاری‌وگوندی و بەگەنج و بەسالاچوو بەتایبەت چینی چەوساوە ئەوەی لە توانایان دابووەو زانیویانە لە پێناو رزگاری‌و دا کردویانە . بەلام دیسان هەموی ئەو راستیانە و بگرە سەدان راستی تریش تابن بە هوێ ئەوە کە خالە لاوازەکان و ئالقە مەنفێ کانی جولانەوە لە هەموو باریکەوە لێك نەدرینەوەو شی نەکرێنەوە . تەمەنی زورکەمی دیموکراسی لە کورد ـ ستان و بەدوای ئەودا شەری داسەپێندراوی چەکدارانە بەسەر گەلی کورددا ، ئیمکانی نەدا بەخەلك لە فەزایەکی دیموکراتیك داو دور لە هەر چەشنە بوچونیکی عاتیفی و ئیحساسی تەسمیم بگرن .

بەلام دیسان دەکرێ بلەین هیچ شك لەوەدانیە کە رادەی وشیاری و ئەزمونی گەلی کورد بەگشتی‌وئەو کەسانەی واراستەوخو لەنێو ریزی جولانەوەدا چالاکیان بووە بە تایبەتی لە چەند سال لەوە پێش تر زیاترە .

مروڤ ئەگەر هێندێك بە تێ بینی و لە هەمو باریکەوە سەیری رەوت و چونیەتی روداوەکانی کوردستان دەکات لە رابردووە تائیستا هەلیان دەسەنگێنێ ، لەلا ـ یەك تا ئەو جێگایەی کوردستان دەبینێ نیزیك بەهەشت سالە لەدژی ریژیمی داگیرکەری ئیسلامی ئێران راوەستاوە و بەوپەری فیداکاری دیفاع لە خوی دەکا شاناری پێوەدەکا . بەلام لەهەمان کات دا کاتیك ئینسان سەیری وەزعی جولانەوە لەباری دروشم و ستراتژی و سیاسەت و بوچونەکانی جولانەوە دەکات لەیەکەم روانین دا هەست بەوەدەکرێ کە جولانەوەکە نیشاندەری هەموی ئەو داخوازو ویستانە نیە کە گەلی کورد بوێ راپەریوەو خەباتی بو دەکا . کاتیك ئینسان دەبینێ هێزی پێشمەرگەی کورد ، پول پول بەدەستی یەکتر و تەنیاوتەنیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پێناو دەسەلاتی تاکە حیزبی و خۆپەرستی و خۆ بەزۆر زانینی رابەرانیدا شەهید دەبن، ئاسوی رون لانی کەم بە ئیعتباری وەزعی ئیستای جولانەوە لیل دەبیندرێ .

ناوەرۆکی سیاسی جولانەوەی گەلانی بن دەست رزگاری نەتەوایەتیە، رزگاری بەو مانایە کە نەتەوەیەکی بن دەست مافی ئەوەی هەیە بەهەر شێوەیەك خۆی پێی باش بێت چارەنوسی خۆی دیاری بکات . یا بە واتەیەکی تر چون مافی دیارکردنی چارەنووسی خوی لێ زەوت کراوە، بۆ سەلماندن و ئەستاندنەوەی ئەو مافە خەبات دەکا . دیارە هەر جوولانەوەیەك لە پێناو گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆی، دروشم و ئەدەبیات و حیزب و تاکتیك و ستراتژی تایبەت بە خۆشی هەیە، کەلەسەر یەك نیشاندەری خسووسیات و هوویەتی جولانەوەکەن .

جولانەوەی گەلی کورد یش بەگشتی وەك جولانەوەیەکی رزگاریخوازانە لە پێناو رزگاری نەتەوەیی و چینایەتیدا دەبێ هەموی ئەو تایبەتیانەی لە راستیدا ویستی چین و توێژەکانی خەلکیان تێدا گەلالەکراوە، لەخۆدا کۆبکاتەوە بۆ وەدی هینانیان تێ بکۆشێ .

مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلانی بن دەست، وەك دروشمێکی گشتی تا ئیستا بە شێوەی جوراجور و لێك جیا تەعبیرو تەفسیرکراوە ولێك دراوەتەوە . لەناو هەموی ئەو بوچون و لێك دانەوەیانەدا تەنیا ئەوە زور گرینگە کە حیزب و رێکخراوە سیاسێکانی کوردستان خۆیان چون تەفسیری مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد دەکەن .

هەروا ئەوەگرینگە کە تائیستا لە پێناو سەلماندن و ناساندنی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە دەرەوەی جولانەوە لەلایەك، وەتێ گەیاندن و پەروەردەکردنی جەماوەری خەلك لە پێناو ستراتژی ئەو مافە لەلایەکی دیکەوە چ کراوە ؟ نەتەوەیی کورد بە درێژایی ژیان و خەباتی خۆی ئەو ئیمکانەی لەهەمو بارێکەوە بۆ پێك نەهاتووە کە چارەنووسی خۆی بۆ هەمیشە بۆ خوی دیاری بکا . هەروائەو دەرفەتە پێ ویست و لەبارەشی بۆ پیك نەهاتووە کە بەباشی و دور لە هەر چەشنە شوێنەوارێکی لادەرانە و لاوەکی مەسەلەکان و گیرو گرفتی خۆی پێ بەپێی خسووسیات و داخوازی نەتەوەیی خۆی بێنێتە گۆرێ

دابەش بوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی داگیرکەردا بۆتە هۆی ئەوەسەرەرای دژواری و سەختی خەبات، سەرلێ شێواوی و ئاڵوزیش لەمەر دیارکردنی ستراتیـ ـژێکی موناسب و باش لەنێو ریزەکانی جوڵانەوەدا زورتر بێت . لەناو کورو کومـەڵ و ریکخراوە سیاسیکانی کوردستان دا، مافی چارەنووس بە زۆر شێوەی لێک جیـا تەفسیر دەکرێ . لەباری سیاسێەوە بۆچوونی واهەیە باوەری بە خود مختاری و ئوـ تونومی هەیە . بوچونی وادەبیندرێ باوەری بەسەر بەخۆیی لیک جیای بەشەکانی کوردستان هەیە . بۆچوونی وەهەیە باوەری وایە کە دەبی هەر ئیستا هـەوڵ بدری بۆ تێک دانی سنورە دەستکردەکان . لەباری ریکخراوەی و تەشکیلاتیشە ـ وە بوچونی واهەیە کە پیی وایە دەبێ نێوی تەشکیلاتی ئەو بەشەی پێ وەبێت کـە هەڵسورانی تێی دا هەیە . بۆچوونی وادەبیندرێ کە پیی وایە دەبێ بەشێک بێت لە حیزبیکی ئیرانی ــ تورکی ــ سوری ــ عیراقی . هەروا هی واش هەن کە باوەریان بە پێک هینانی حیزبیک هەیە کە رابەری خەباتی هەر چوار بەشی کور ـ دستان بکات

هەروەکی باسمان کرد دابەش بوونی کوردستان و شوێنەواری شوونیزمی داگیرکـەر لەسەر مەسەلەی کورد و دنیان گیروگرفتی دیکە کەدەگەرێتەوە سەر تایبەتیـێکانـی کومەڵی کوردستان راستەوخۆ خولقێنەری ئەو ئاڵوزی و سەرلێ شیواوین . چـون بەشەکانی کوردستان هێندیک خسووسیاتی لێک جیاو تایبەت بە خۆیان هەیـە بێ شک ئەوە وەک راستێک لەسەر رەوتی جوڵانەوەکە شوێن دادەنێت . بەلام ئیدی بەو مانایە نیە کە مافی دیاری کردنی چارەنووس بەگوێرەی ماناى واقیعی خـۆی لێک نەدرێتەوە . چون گەلی کورد لەهەر بەشیک بێت وەک گەلێکی بن دەسـت خەبات دەکات و رەوتی جوڵانەوەکەی بەسەرکەوتن و شکان لە هەمو بارێکەوە شـوێن دادەنێتە سەربەشەکانی دیکەش . یا دەکرێ بڵەین مەسەلەی کورد لەبەشـێکی کوردستان مەسەلەی هەموی گەلی کوردە لە هەمو بەشەکانی دیکە، لە نێو هەموی ئەو بۆچونە لێک جیاوازانە ئەوبەشەیان زورتر جێگای لێک دانەوەیە کەباوەری بـە خود مختاری و ئوتونومی هەیە و مافی چارەنووس لەودا دەبینێ

قسەکردن لە مافی دیارکردنی چارەنووس و خەبات بۆ ئەو مەبەستە یانی پەروەردە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەسەر ئوسووڵ و پرنسیپەکانی جولانەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لە هەموو بارێکەوە بەلام قسەکردن لە خود مختاری و تەبلیغی ئەوە کە مافی دیاری کردنی چارەنووس یانی خود مختاری و ئوتونومی ، یانی پشت کردن لە هەموی ئەو ئوسووڵ و پرنسیپانە یانی پەروەردەکردنی جولانەوە بە ئەدەبیات و دروشمی لاوەکی ، یانی تورەکردنی جولانەوەلە پێناو دابین کردنی دروشمی حیزبی و بەس . تامادام مانای واقیعی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد لە دروشم و ستراتژی و شکلی ڕێکخراوەی جولانەوەدا ڕەنگ نەداتەوە، لەگەل دروشم و شوێنەواری فەرهەنگی بێگانەو لاوەکی مەربەندی ناکرێت .

باس کردن لە مافی چارەنووس و دیاری کردنی دروشم و ستراتژی بۆ ئەوەبەستە بەو مانایە نیە کە هەر ئیستا هەمو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان کۆببنەوەو شەری چوار دەوڵەت بکەن ئەوکارە ئیستا نەتەنیا ناکرێ ، جولانەوەش زیاتر توشی گیروگرفت دەکات دیارە ئەگەر هەل و مەرجی نێونەتەوەیی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئیمکانی وا بێنێتە پێش یا جولانەوەی کوردستان ڕۆژگارێک گەیشتە ئەو توانایە سنورەکان لەناوبری ئەوە شتێکی ترە .

بەکورتی حەول دان لە پێناو مافی چارەنووسی گەلی کورد بۆ وێنە لە کوردستانی ئیران یانی ئەوە : وشیار کردنەوەو تێگەیاندنی خەڵك لە پێناو مافی زەوت کراویان ، دەبی خەڵك دوای چل سال تێ بگەیەندرێ کە خود مختاری مافی چارەنووسی ئەو نیە ، ستراتژی ئەو نیە دەبێ ئەو حەقە بۆ خەڵك بهێنترێتەوە کەبۆ خۆی لە فەزایەکی سالم و دیموکراتیك دا لە سەر چارەنووسی خۆی تەسمیم بگرێ . تابێ خود مختاری لە خەڵك بکرێ بەهەشتی بەرین

با بزانین جولانەوەی کوردستانی ئیران لە پێناو دیاری کردنی چارەنووس دالە چ قوناغ و وەزعێك دایە : جولانەوەی ئیستای کوردستانی ئیران لەسەر دروشمی دیموکراسی بۆ ئیران و خود مختاری بۆ کوردستان خۆی گرتووە دروشمی هەردو هێزی جوولانەوە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە هەر ئەوەیە هەرچەند هەردوی ئەو حیزبانە لە لاپەڕەکانی بەرنامەی خۆیان دا باسی مافی چارەنوس دەکەن ، بەڵام دروشم و تاکتیك و ستراتژی و ئەدەبیاتێك کە تەبلیغی دەکەن و دەی بەن بۆ نێو کۆمەلانی خەڵك سەرتا پا لەگەل ماناو مەبەستی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلی کورد جیاوازی هەیە و یەك ناگرێتەوە .

جولانەوەی گەلێك یاخۆ چینێك لە کومەڵ دا لەلایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان وەك نوێنەری خەلك ڕێبەرایەتی دەکرێ . چۆنیەتی دەوری خەلك لەو ولاتانەی وا دیموکراسیان تێ داهەیە لەگەل ئەو ولاتانەی وا دیموکراسیان تێ دانیە بەتەواوی جیاوازە . لەو ولاتانەی دیموکراسی دا خەلك بەزانیاری و ئەزمونی زورتـــــردەوە دەوری لە حیزبە سیاسیەکان و دیاری کردنی چارەنووسی خوی داهەیە . لـــــە ولاتانی روژهەلاتی ناوەراست بە گشتی خەلك دەورێکی ئەوتۆیان لە رەوتی رودا ـ وەکان دانیە چ بگا لەسەر چارەنووسی خۆیان تەسمیم بگرن لە کوردستــــانی ئیمەش دا هەر چەند کاتی خوێ حیزب و ریکخراوە سیاسیەکان بەدەستی خەلـــك دروست کراون بەلام بە دو دەلیل دەوری خەلك بەرەبەرە لەناو حیزبەکان و بریار دان لەسەر چارەنووسی خویان کەم بۆتەوە . یەکەم بەهوی ئەوە چون هەمیشــــە تەمەنی دیموکراسی لە کوردستان دا زور کورت بووە ، بۆ وێنە پاش دامەزرانـــی کوماری کوردستان سالێك پی نەچوکە دیکتاتۆری جێگای دیموکراسی گرتەوەدوای روخانی ریژیمی شا . لە سالی ٥٧ ( ٧٩ ) دیسان پاش ماوەیەکی کورت هیــرش کرایەوە سەر کوردستان .

دووهەم چون حیزبەکانی کوردستان بەرە بەرە وەك هێزی چەکداریان لێ هاتووە کەوتونەتە کێوو قوناخی چەکدارانەی خەبات لەسەر یەك ئەو دوو حالەت و وەزعە بۆتە هوێ ئەوە کە دەوری سیاسی خەلك لە ناوحیزبەکان دا کەم بێتەوە و تەنانەت ئەگەر کومەلانی خەلك بەرور شتی نوێ بگەن کەم وا هەیە لە سیاسەت و بوچونـــی حیزبەکان دا رەنگ بداتەوە و شوێن دابنێ .

ووشەی خود مختاری و ئوتونومی وەك دروشمێکی لاوەکی و خزێندراو لەناو جولا ـ نەوەی کوردستان ، زورتر دروشمی حیزبە کومونیستەکانی ولاتانی داگیرکـــەری کوردستان بووە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد و لەو ولاتانەدا . لە ئیرانیــش داکاتی خوێ حیزبی تودەی ئیران بۆ ئەوەی لە هێزی گەلی کورد کەڵکی وەرگرتبێ مافی چارەنووسی لە خود مختاری دا ناساندووە و کردویە بە سوننەت . لەسەریەك ئیستا مافی دیاری کردنی چارەنووس چ لە رۆانگەی چەپی ئیرانەوەو چ لە رۆانگەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە وە ، لە شکلی خود مختاری دا تەفسیر دەکرێ . جولا ـ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی کوردستانی ئێران لەماوەی چل ساڵی رابردودا هەمیشە لەژێر تەئسیر و بۆچونی حیزبەکانی ئێرانی و شوونیزمی ئێرانی دابووەو تائیستاش نەی توانیوە لە ژێر شوێنەواری شوّونیزمی ئێرانی رزگار بێ . شوونیزمی ئێرانی حیزبی تودە پاش روخانی کۆماری کوردستان ئەوەی قبوول نەدەکرد کە کادرەکانی حیزبی دیموکرات وەك حیزبێکی کوردستانی و شێوەی سەربەخۆ درێژە بە خەبات بدەن حیزبی تودە پێی وابو ئەگەر حیزبی دیموکرات وەك لقی کوردستانی حیزبی ئەوان نەبێت ئەوە ناسیونالیزم و تاوانە . هەر ئەوەی کە ئیستا کۆمەڵە لق و پاشکۆی حیزبی کومونیستی ئیرانە .

هەرچەند حیزبی دیموکرات ئەو کاتە نەچو ژێر باری ئەو بۆچونەی حیزبی تودە بەلام ئیدی نەشی تواتی بەتەواوی لەهەمو بارێکەوە مەرزبەندی لەگەل شوێنەواری شوونیزمی ئێرانی بکات . تەنانەت رۆژ بە رۆژ زیاتریش لەمەبەستە سەرەکیکان و ئوسوولی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستان دوردەبێتەوە . جوولانەوەی کوردستانی ئیران تەنیا هەر قورسایی شەری چەکدارانەو هەلوێستی شوونیستی ئوپوزسیون بە چەپ و راست و مەزهەبی لەسەر شان نیە ، بەلکە ئەدەبیات و دروشمی شوونیزمی ئیرانی کەبەهوی حیزب و ریکخراوە کوردیکانەوە هاتوتە ناو ریزی جولانەوەو خەلك حالەتی دیفاعی و لەخۆدامانەوەی داوە بە جووڵانەوەی کوردستانی ئیران . مەزنی خوازەکانی ئیرانی چ ئەوانەی والەدەسەلاتدان و چ ئەوانەی والە ئوپوزسیوندان هەرکام بە شێوەیەك دژایەتی خۆیان لەگەل مافی چارەنووسی گەلی کورد دەربریوەو دەری دەبرن . ئەوان کاتێك دەلەن کورد جیاوازی خوازن دەیان هەوێ بەو هێرشە گەلی کورد بخەنە حالەتی دیفاعی و زو هاواربکا کە نەخێر جیاوازی خوازنیە . ئەوەندە لەسەر ئەومەسەلەیە تەبلیغاتیان کردووە تەنانەت ئیستا جیاوازی خوازی بەتاوان و گوناە دەزاندرێ . لەو پیوەندیدا حیزبی دیموکرات هەمیشە حەولی داوە و ویستویەتی بە پاشەکشەلە ئوسوولی جولانەوە نیشان بدا کە نە تەنیا جیاوازی خواز نیە بگرە زوریش ئیرانی[7] . لە حالیکدا جیاوازی خوازی نە تەنیا تاوان نیە بەلکە گەلی کورد مافی سروشتی خۆیەتی ئەگەر باسی جیابونەوەش بکات . جیابوونەوەو پێك هێنانی دەولەتی سەربەخۆ شکلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرە باش و پێشکەوتوی مافی دیارکردنی چارە نووسە .
ئەگەر وایە حیزبێکی سیاسی کوردی بۆ دەبێ هێندە لە مافی چارە نووسی دوور کەوێتەوە . بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵەین خود مختاری و ئوتونومی شکلی زور کەم وچوکی تەفسیرکراوی مافی چارەنووسە . بەڵام جیابونەوەو جیاوازی خوازی شکلی زورباش و تەواوی مافی چارەنووسە . ئەومافەی کە حیزبی دیموکرات نیزیک بە هەشت سالی تەواوە دەی هەوێ شوونیستەکان چ لە دەسەلات و چ لە ئوپوزسیون دا دلنیاکا کە ناهێلێ کوردستان لە ئێران جیابیتەوە .
بەڵام ئیدی حیزبەکانی کوردستان دەبێ ئەو راستێ قەبوول بکەن کە داگیرکەرانی کوردستان زورباش جەوهەر و مەبەستی جولانەوەی کورد دەناسن . هەروا ئیمپریالیزمی جیهانی و سەرمایەداریش ئەزمووني زور لەوە زیاترە کە ئەوان پێ یان وایە کلاویان لەسەر دادەنین . لە راپورتی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا بو کونگرەی حەوت کەلە کوردستانی ژمارە ١١٤ دا چاپ کراوە دەلە : هەر چەشنە دیکتاتوریك پاش روخانی ریژیمی خومەینی ، دەبیتە هوی شەری نیو خو لە ئیران دا . شەریکی ئەوتو سەربەخویی و یەکپارچەیی ئیران دەخاتە مەترسیەوە . تەنیا ریگای پاراستنی ئیران لە شەری نیو خوو لەت لەت بوون دابین کردنی دیموکراسی و پلورالیزمی سیاسیە
وادیارە رابەری حیزب بە نیسبەت لەت لەت بـوونی ئیران زور بە پەرۆشـەو هەر لە ئیستاوە کەوتوتە دۆزینەوەی رێگا چاریەك . بۆچی ؟ بو ئەوەی ئیرانی دوا روژی خومەینی ئیرانیکی یەکپارچەو بە هێزبێت بۆ ئەوەی لەت لەت نەبێ و کورد یش لەو دەرفەتە کەلك وەرنەگری و جیانەبێتەوە . ئەوەیە بی باوەری بە مافی چارەنووسی گەلی کورد و هەروا شونەواری شوونیزمی مەزنی خوازی ئیرانی لەناو جولانەوەی کوردستان دا . ئەو هەلویستەی رابەری حیزب لە کاتیك دایە کە هەموو کـەس دەزانی دروست بوونی خودی حیزبی دیموکرات دەگەریتەوە سەر دەورانیک کە ئیرانی یەکپارچەی رەزاشا بەدوای هاتنی ئەرتەشی سوویەت و ئینگلیس لەت لەت بوو بویە چەند پارچەو هەل و مەرجیکی باش بو گەلی کورد هەلکەوت کـە نەتیجەکەی دامەزرانی کوماری کوردستان و حیزبی دیموکرات بو . بەڵام دیارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیستا بەرژەوەندی گەلی کورد لەوەدایە کە ئیران یەکپارچەبی ! ! ! ئیستا بابزا ـ
نین دێموکراسی یانی چی ؟ دیموکراسی لە ولاتی فرەنەتەوەی ئیران دا کـــەموەك .
بەند یخانەی گەلان وایە چوّن دابین دەکری ؟ دیموکراسی کورت و موختە سەرو
یانی کوّمەلانی خەلك بە هەمو چین و توێژێکیەوە ئازادانە چارەنووسی خوّیـــان
دیاری بکەن . یانی خەلك خوّیان ئازاد و سەربەست بن لەمەر دامەزراندنـــی
حیزب و ریکخراوی سیاسی خوّیان لەمەك کەلام دا یانی خەلك خویان بەسەرخو ـ
یان دا حکوومەت بکەن . تایبەتمەندی هەر ولاتێك راستەوخوّ لەسەر چوّنیەتـــی
گەیشتن بە دیموکراسی و دابین بونی دیموکراسی تەئسیری هەیە . لە ولاتـــی
فرەنەتەوەی ئیران دا کە پان ئیرانیسم بە میژووی ۲۵۰۰ سالەی خوّی دەنـــازیّو
مەزهەبیش هەروا ، مان و مەوجودیەتی خویان لەبەهیزبوونی دەولەتی مەرکەزی و
یەکپارچەبوونی ئیران دا دەبینن . لە حالیکدا کاتێك لە ئیران دا دیموکراسی
بەمانای واقیعی خوّی دابین دەبی کە دەسەلات لەمەرکەز دا کوّنەبێتەوە . کاتیك
دیموکراسی دەستەبەر دەکری کە گەلانی ئیران و زەحمەتکێشان لە دیاری کردنی
چارەنووسی خویان دا بەهوّی حیزبی خوّیانەوە دەوری چالاکانەیان هەبیّ . مادام دەسەلات لە ئیران دا بەینی گەلان دابەش بکریّ ئیدی ئەوە قیدرالیزمە و
راستەوخو یەکپارچەی ئیران مانای نامینیّ . لەسەر یەکپارچەیی ئیران بە قازانجی
پان ئیرانیسم و پان ئیسلامیسم و بەرەرەری دیموکراسی و رزگاری گەلانی بـــن
دەستە جا ئەگەر وایە لەت لەت بوونی زوریش بە قازانجە و دوژمنی دوایی یانابی
یا ئەگەر ببیّ کزترە .

واقیعییەت ئەوەیە ئیستا لە ئیران دا بەغەیری جولانەوەی کوردستان ، جولانە ـ
وەیەکی دیکە نابیندریّ و گەلانی تورکەمەن و بەلوچ جولانەوەیەکی بەرچاویان نیە
سەرمایەداری فارس و ئازەربایجان ، دەیان سالە بەیەکەوە رێك کەوتون و بەسەر
گەلانی دیکە بە تایبەت کورد دا حکوومەت دەکەن . لەهەموی ئەوانە گرینگ تـــر
هیچ چەشنە هەستێکی دژی پان ئیرانیستی و مەزنی خوازی لەناو دوگەلی فارس
و ئازەری دانابیندریّ . لە راستیدا ئیمە دەبیّ وەك کورد . چاو لە موخالیفەتی
ئوپوزسیون و خەلکی فارس و ئازەری لە دژی جمهوری ئیسلامی بکەین رەنگـــە
ئەوان لەهەمان کات دا بوّ وەرگرتنی هێندیك پوان موخالیفی جمهوری ئیسلامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بن بەلام هەلوێستی دژی کورد یشیان هەروا هەبێ . یانی حیسابی ئیمە لەوان جیایە . ئەوەلاً ئەو دیموکراسیەی کەدەبێ لە تاران دامەزری ؤیرانیش یەکپارچە بێت و لەت لەت نەبی قازانجی گەلی کورد ی تی دانیە ، دووماً ئەو دیموکراسیە بەگەلی کورد دانامەزرێ . خۆگەلی کورد قەرارنیە هەر خەریکی دامەزراندنی دیموکراسی لەتاران بێت . هەرچەند حەول دان بۆ دامەزراندنی دیموکراسی لە ئیران ئەرکێکی پیرۆزە بەلام واقیعیاتی ئیستای ئیران و فاکتەکان وانیشان دەدەن کە زور زور زەحمەتە ئیران بەو زوانە دیموکراسی بەخۆیەوە ببینێ ئەویش ئەو دیموکراسیەی کە گەلی کوردبتوانێ تێ یدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوەبگرێ . رابەری حیزبی دیموکرات لە وتوویژێك دا لەگەل رۆژنامەی عەرەبی زمانی الصیاد دا دامەزراندنی دەولەتی کورد و قسەکردن لەدەولەتی کوردستان بەخەون و خەیال دادەنی : لە کاتێکدا ئارەزوی هەرگەلیکی بن دەست ئەوەیە کە دەولەتی سەربەخویی هەبی ، مافی سروشتی ئەو گەلەیە کەلە پێناویدا خەبات بکا و زەمینەو ئەمرازی پێ گەیشتنی بۆ ئامادەبکا ئەگەر قەراربێ دامەزراندنی دەولەتی کورد و هەولدان بۆئەو مەبەستە خەون و خیال بێت . جولانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی مانتای چیە ؟ ئەگەر وایە مافی دیاری کردنی چارەنووسیش هەر خەون و خیالە . تەنانەت هەر ئیستا باس کردن لە دەولەتی کورد خەون و خیال نیە . خەلکی کورد مافی خوێەتی باسی بکا ، جائیدی ئەوەی ئیستا زەمینەی پێك هاتنی ئەو دەولەتەنەبێ بەمانای ئەوەنیە کە ئەو مەسەلەیە واقیعی نیە خەیالە . ئەگەر قەرار بێ رزگاری گەلی کورد لە شکلی دەولەتی خوێدا خەون و خیال بێت بەراستی خود مختاری ئەرزشی ئەو هەمۆ شەهید و بریندار و دەربەدەری و مال ویرانی ی هەیە ؟ رەنگە میژوو تا ئیستا بە غەلەت نووسرابێ و هەموو ئەو گەلانەی کە تائیستا بو رزگاری خەباتیان کردووە و سەربەخویی خۆشیان وەدەست هیناوە راست نەبێ و ئەویش هەر خەون و خیال بێت . کاتێك لەلایان حیزبیکی کوردستانی هەلویستی ئەوتو رادەگەیەندری لە خورانیە هێندیك لە خەلکی کوردستان ئیستاش ئەگەر پی یان دەگوترێ جیاوازی خواز لەناکاورا هەلدەبەزنەوە و دەلەن ئیمە هەر ئیرانین و هەر خود مختاریشمان دەوێ . هەق وانیە حیزبیکی کوردستانی ئەگەر بۆخوی ئیستا باوەری بە دەولەتی کورد نیە ؛ ئەو مافەش لە گەلەکەی بەخەون و خیال بزانێ . هەق وایە ئەوەندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیمکانە بۆ خەلك پێشتریتەوە کە بتوانێ لەدیاریکردنی چارەنووسی خوێ دا دەوری هەبێ . بۆ جاریکی دیکەش پێ ویستە دووپات بکریتەوە کە ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کوردستان زور بەباشی لە جەوهەری جولانەوەی کورد گەیشتوون و دەزانن چە مەبەستیکی هەیە . ئەگەر وایە نابی پیمان وابێ کە بە دەربرینی هەلویستی ئەوتو ئەوان هەلویستیان دەگورێ و روحم بە کورد دەکەن .

شونەواری شوونیزمی ئیرانی لەناو جولانەوەی کوردستان دا هەرناگەرێتەوە سەر حیزبی دیموکرات بەلکە ٣٢ سال دوای ئەو سەردەم کاتێك بۆ جارێکی دیکە دەسەلاتی پان ئیرانیستی شالە کوردستان هەلپێچرا سازمانێکی کوردستانی وەك کۆمەلە بە ئیعتباری باوەری مارکسیستی و کوردستانی بوون، بەشێکی زور لە روناکبیرانی کوردی بەرەو خوێ راکێشابوو، بو بەپاشکوێ حیزبێکی ئیرانی وسەربەخویی ریکخراوەیی و نەتەوەیی خوی لەدەست دا . بەرهەمی تێ کوشان و هەلسووراني بەشیکی زۆر لە مارکسیستەکوردەکانی کوردستانی ئیران بو بەدەست مایەی بەریوەبەرانی حیزبیکي ئیرانی . کومەلە کە ئیستا وەك بەشی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران ، هەلسووراني هەیە بە دروست کردنی حیزبی کومونیستی ئیران و لەدەست دانی سەربەخویی ریکخراوەیی و سیاسی و نەتەوەیی خوی لە دوبارە وە شوێنی مەنفی لەسەر جولانەوەی کوردستان داناوە . یەکەم هێزو توانای بەشیك لە جولانەوەی کورد کە زورتر لەسەر روناك بیر ساغ ببووە ە دەبوایە وەك حیزبێکی کوردستانی پێشکەوتوو وپێ بەپێ ی خسووسیات و واقیعیاتی کومەل و جولانەوەی کوردستان دەوری خوی گیرابا . بەلام کەوتە مەبدان و کانالیك کە بە نیسبەت زەحمەتکێشانی کورد بەتایبەتی و گەلی کورد بەگشتی لاوەکی و بێگانەیە . دووهەم راستەوخو دەرفەتیکی زورتر بە ئیمکانات و کەرەسەی لەبارتر بۆ شوونیزمی ئیرانی پیك هات کە راستەوخۆ دەست لەناو جولانەوەی کوردستان وەردەن وئیدەبیاتی مەزنی خوازی خویان پەرەپێ بدەن . شوریسیدنەکانی حیزبی کومونیست کەبەراستی دەستیکی بالایان لەریز کردنی ووشەی کلاسیکی لینینیستی دا هەیە وەها زیرانە مەبەستەکانی خویان جێبەجێ کرد تا کومەلەیان کرد بە ئەمێنرازی دابەزاندنی سیاسەت و بوچونەکانی خویان . هەرچەند زەمینەی دروست بوونی حیزبیکی ئیرانی لەناوکومەلە دا هەبو، بەلام زەعفی ئیدئولوژیکی ریزەکانی کومەلەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوریکی بەرچاوی لەمەر دوندبالەرەوی لەسەھەندێکان ھەبو . ئەوە یەکەم کەرەت نیە کە کورد ە مارکسیستەکان بەباشی لە شکلی تەشکیلاتی ( ریکخراوەیی ) مافی چارەنووس ناگەن و چارەنووسی خویان و بەشیك لە جولانەوەکە دەخەنە دەست غەیری کورد .

ھەروا لەلایەکی دیکەوە ئەوەیەکەم کەرەت نیە کە حیزبە کومونیستەکان لەو ولاتانەی وا کوردستانیان داگیرکردووە بەباس کردن لە حیزبی کومونیستی واحیدی کیشوەری لە دژی سەربەخویی ریکخراوەیی مارکسیستە کوردەکان رادەوەستن . ھەمو بەشەکانی کوردستان ئەوەزعەیان بەخووە دیوە . چەپی ئیرانی قەت چاوی بروانادا کە جولانەوەی کوردستان دەبی رابەریکەی لەدەست خوی دابێ و حیزبی سەربەخوی خوی ھەبێ ئەوان پێیان وایە ئەگەر جولانەوەیەك لە کوردستان دا ھەبێ حەتماً دەبێ پاشکوی ئەوان بێت دەنا ناسیونالیزمە ئاوانە . بە ھێزکردنی حیزبێکی ئیرانی لە لایان مارکسیستە کوردەکانەوە . راستەوخو یانی حەول دان بۆ کوبونەوەی دەسەلاتی پان ئیرانیستی لە شکلی تاکە حیزبی دا . جەوھەری حکومەتی حیزبی کومونیستی ئیران بۆ داھاتوی ئیران ھەر چی بێت یانی پێك ھینانی دەولەتێکی مەرکەزی بەھێزەجابا ئەوان لە شکلی دیکتاتوری پرولیتاریادا ئەو دەسەلاتە تەفسیربکەن . ئەوان ھەمیشە دەستیان ئاوالەیە کەبەرژەوەندی پرولیتاریای ئیران لە بەرژەوەندی گەلی کورد بە زیاتر بزانن و لە داھاتوش دا بەنیوی دیفاع لە یەکیەتی کریکارانی ئیران لە دژی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد راوەستن

جەوھەری فکری بەرنامەی حیزبی کومونیستی ئیران کەسەرچاوەکەی دەگەریتەوە سەر پوختەی فکری چەند روناکبیری غەیرەکورد بە شیوەیەکی ئاکادمیك و دور لە واقیعیاتی کومەلی کوردستان گەلالە کراوە . بەرنامەیەك کەلە تاران و بەقەولی خویان بو رزگاری کریکاری ئیرانی و بگرە ھەمووی جیھان گەلالە کراوە چۆن دەتوانێ خوێ لەگەل خسووسیات و تایبەتمەندێکانی کومەلی کوردستان ریك بخات ! بەرنامەی حیزبی کومونیستی ئیران بەرنامەی خەبات و ھەلسووران و کاری مارکسیستە کوردەکان نیە . ئەگەر ئەو بەرنامەیە بەرنامەی خەباتی مار



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

کسیستی کورد بۆیه لانی کەم سەبارەت بە مەسلەحەتی گەلی کورد و جولانەوەکەی بەرخوردیکی مەسئولانەی بە وەزعی نیونەتەوەیی دەکرد . هەروا حەولـــی دەدا دۆست بو گەلی کورد پەیدابکا و نەتیجە فیداکاری و خەباتی زۆریک لەگەلانی بن دەست و شورشی کریکاری بە دژی شورش لەقەلەم نەدەدا . حیزبی کومونیســـت چون نیشاندەری هوویەتی چینایەتی و نەتەوایەتی زەحمەتکیشانی کوردستان نیە ئیستاش بۆ زەحمەتکیشی کورد ریکخراویکی لاوەکی و بیگانە یە، ئەوەندە کسیادرو ئەندامەی کە لە کوردستان بەدەوری وە هەیە دەگەریتەوە سەر ئیعتباری رابردوی چەند سالی کومەلە، نەك ئیعتباری حیزبی کومونیستی ئیران . مارکسیســـتە کوردەکانی کوردستانی ئیران ئەگەر ئەرکی میژوویی خویان لە جولانەوەی کوردستان دا ناسیبا و بەمانای واقیعی لە هەمو باریکەوە مافی دیاری کردنی چارەنووسیان بەلاوە گرینگ بایە و هەروا لە چوار چیوەی ریکخراویکی سەربەخویی کوردستانـــی دا خەباتیان کردبا دەیان توانی دەوریکی بەرچاویان لە جولانەوەدا هەبا . مارکسیستی کورد بە ئیعتباری حیزبیکی کوردستانی دەتوانی باوەرو متمانـــەی زەحمەتکیشی کورد بەرەو خوی راکیشی .

کومەلە ئەگەر وەك حیزبیکی کوردستانی ماباوە، بی شك چوار چیوەی بەرنامـــەو تاکتیك و ستراتژی و دروشمەکانی بەگویرەی واقیعیاتی کوردستان و بەرژەوەنـــدی هەژاری کورد و مەبەستەکانی مافی دیاری کردنی چارەنووس تەنزیم دەکرد . لانی کەم لە پیوەندی لەگەل شەری نیوخودا کیشەی خوی و حیزبی دیموکراتی واسادە نەدەهاویشتە چوارچیوەیەکی بەرتەسکی شوریکی . کریکاری کورد وەك نەتەوی بن دەست بە پیچەوانەی کریکاری نەتەوەیی فەرمانرەوا، تەنیا هەر مسایل و گیروگرفتی چینایەتی نیە، مەسەلەی نەتەوایەتی و رزگاری نەتەوەیش بەشیکی هەرە گرینـــگی ژیانیتی . کریکاری کورد مادام لەمافی چارەنووسی نەتەوایەتی خوی دلنیا نەبی ناتوانی ئامادەگی وەرگرتنی تەبلیغی سوسیالیستی هەبی . حیزبی کومونیســـتی ئیران ناتوانی مەیدانیکی موناسبی بو خەباتی زەحمەتکیشی کورد و هەروا ناتوانی ئەمرازیکی خومالی بی بورەنگ دانەوەی داخوازی چینایەتی و نەتەوایەتی کریکا- رانی کورد . مارکسیستی کورد و غەیرە کورد وەك مارکسیستی دو نەتەوەی بالا دەست و بن دەست ئەرکی تەواو جیاوازلیك تریان هەیە . مارکسیستی غەیرە کورد

ئەوپەرەکەی مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد لە شکلی خود مختاری دا دەبینێ و خۆشی بەرپرسی راستەوخۆی رزگاری کورد نازانێ ٠ بەلام مارکسیستی کورد بە ئیعتیباری ئەوەی نەتەوەکەی ژێر دەستە، ئەرکی گرینگ تری هەیە و راستەوخۆ بەرپرسە قەت ناتوانێ لەناو حیزبێکی ئیرانی دا ئەو ئەرکانە جێ بەجێ بکات ٠ پشت کردن لە واقیعیاتی کوردستان و خۆ هەلاوەسین بە حیزبێکی ئیرانی لە هەمان کات دا کەدەبێتە هوێ لەدەست چوونی سەربەخۆیی رێکخراوەیی و سیاسی مارکسیستە کوردەکان، پەرت و بلاوی و لاوازکردنی جولانەوەشی بەدوا دایە ٠ هەروا لە هەموی ئەوانە گرینگ تر دەبێتە هوی ئەوە هیزە پاراو راستەکان دەوری رابەری جولانەوەبەدەستەوە بگرن ٠ ئیستا با بزانین کوردستان بو سەنگەری ئازادی ئیرانە ؟ یەکیك لەو دروشمانەی کەزۆرتر لە دوایانەدا لە لایان ئوپوزسیونی ئیرانی بۆتە باوەکەوتوتە سەرزاری حیزبە کوردستانیکانیش ئەو دروشمەیە واتە ( کوردستان سەنگەری ئازادی ئیران ) ٠ ئەلبەتە سەنگەریك کە ئەوان بگەیەنیتە دەسەلات لە تاران ٠ هەر ئەو ئوپوزسیونە تاماوەیەك لەوەپیش هێندیکیان بەنێوی چەپ، جولانەوەی کوردستانیان بە ئیمپریالیزمەوە گرێ دەدا و بە قازانجی جمهوری ئیسلامی لە سەر شورشی کوردستان جاسوسیان دەکرد هێندێکیشیان بە نێوی ئیسلام چون بەشیان لەدەسەلات دا پێ نەبرابو، داوایان لە ئیمام دەکرد بەمەرجیك ئیمام رێنوێنیکانی ئەوان لەبەر چاو بگرێ ئەوان ئامادەن لە پیناو ئیسلام دا کوردستان لە ئاژاوەگیر پاك کەنەوە ٠

ئیستاش ئەو ئوپوزسیونە جولانەوەی کوردستانیان هەر ئەوەندە بو گرینگە پێ ویستە کەکەلکی خویانی لێ وەرگرن و بەس٠٠ ئەوان تاکاتیك نیوانیان لەگەل ریژیم تێك نەچووتاکاتیك لە جمهوری ئیسلامی نا هومێد نەبوون پشتیان لە جولانەوەی کورد و مافی چارەنووسی گەلی کورد کردبوو هەر کامەی بەشیوەیەك و بیانویەك شوونیزمی خویان نیشان دەدا ٠ بەلام کاتێك جمهوری ئیسلامی جوابی ئەدانەوەو تەنانەت هیرشی کردنەسەر، ئەو کەرەتە کوردستان بووان بوبە سەنگەری ئازادی ئیران ٠ رەنگە زور کەسیش ئەو دروشمەیان پێ خوش بێ و لەناو ریزی جولانەوەی کوردستان دا بە شانازیوە تەبلیغی لەسەر بکەن ٠ بەلام نە تەنیا جێگای شانازی نیە بگرە جیّی داخیشە جێ کەوتنی ئەو جورە دروشمانە



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

لەناو جولانەوەی کورددا نیشانەی دواکەوتووی، دونبالەڕەوی لەشوونیستەکانە،
ئیستا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکریت بۆچی دەبێ هەر کوردستان سەنگەری ئازادی ئیران بێت بەلام بو کەرەتیکیش بێت ئیران سەنگەری ئازادی کوردستان نەبێ · لە زوربەی بەشەکانی کوردستان چون هەمیشە کورد لە ئوپوزسیون دابووەزۆر کەرەت وا هەلکەوتووە کە ئوپوزسیونی غەیرە کورد پەنایان بو کوردستان هیناوەو خەلکیش وەریان گرتون بەلام کاتیك خۆیان بەدەسەلات گەیشتوونە دوبارە لە دژی کورد راپەریونەتەوە · تایبەتیکانی کومەلی کوردستان و خسوسیاتی جولانەوەکە بوتە هوی ئەوە کە چارە نووس و رەوتی خەباتی کریکارانی کورد و گەلی کورد بەگشتی لە گەلانی دیکەی ئیران جیابێت · گەلی کورد و زەحمەتکیشانی کورد ناسیونالیسمی خویان لە پیناو رزگاری دا کە دیموکراتیك و بەرهەقە نوینەرایەتی دەکەن گەلانی فەرمانرەوای ئیران ( فارس و ئازەری ) شوونیزم و مەزنی خوازی خویان بە هوی ریژیم و ئوپوزسیونەکانیان نوینەرایەتی دەکەن کە تەواو ناوەروکیکی کونەپەرستانەو داگیرکەرانەی هەیە و ناهەقە· ئەوە راستیکی رون و ئاشکرایە جا هەر چەند بو هەندەك کەس تال و ناخوش بی ·
ئەوە هەر چینی سەرمایەدارو کاربەدستانی دوگەلی فارس و ئازەری نین کەلە دژی جولانەوەی کوردستان هەلویستی دوژمنکارانەیان هەیە · تەنانەت چین و تویژەکانی دیکەش وەك کریکاران و خویندەوار و باقی تویژەکانیان بەگیانی مەزنی خوازی و دژایەتی لەگەل مافی چارەنووسی گەلی کورد پەروەردەکراون · داگیرکەرانی کوردستان هەرکامە بەگویرەی خسوسیاتی خویان، لە تایبەتیکانی کومەلی کوردستان کەلك وەردەگرن ئەگەر لەسەردەمی دەسەلاتی شادا کوردستان بە هوی ساواك و ژاندرمەوە ئیدارەدەکرا و دەرەبەگ و شیخ و رەئیس عەشیرەکانیش لە خزمەتیان دابوون · ئیستا سەرەرای ئەوانە مەزهەب یەکیك لەو ئەمرازانە یە کە ریژیمی داگیرکەری ئیسلامی ئیران لە دژی جولانەوە کەلکی لێ وەردەگرێ·
ئەگەر پان ئیرانیسمی سەردەمی شا تەنانەت کوردەکانی عیراقیشی لە تورەمەی ئاریایی و ئیرانی دەزانی و دەی ویست شەخسیەتی نەتەوەیان وون بکا · ئیستاش پان ئیسلامیسم دەی هەویێ بە گەورەکردنەوەی مەزهەب و تەبلیغی

مەزهەبی مەوجود یەتی جولانەوەی نەتەوایەتی کەم رەنگ کاتەوە · ئەگەر کاتی خۆی
جولانەوەی کوردستان نەی دەتوانی بێ هەلویستی شورشگێرانە لە دژی دەرەبەگ
و شیخ و رئیس عەشیرەکان ، جولانەوەیەکی پێشکەوتو و دیموکراتیك بی · ئیستا ـ
ش جولانەوە بێ وشیار کردنەوەی خەلك لەسەر دواکەوتویی مەزهەبی ،ناتوانـــی
دیاردەیەکی نوێ و نەزمیکی کومەلایەتی پێشکەوتوانە بۆ کومەل بەدیاری بینێ ·
وشیارکردنەوەی خەلك لەسەر مەزهەب دەبێ بەشێوەیەك بێت نەچــــەپ رەوی
تی دابێ کە جمهوری ئیسلامی کەڵکی لێ وەرگرێ ، ونەراست رەوی وەك حیزبـــی
دیموکرات کە پاش هاتنە سەرکاری جمهوری ئیسلامی تەنانەت، ئەسلی جیـــای
مەزهەب لە دەولەتی لە بەرنامەی خویدا هەلگرێ و پاشی رابگەیەنێ کــــــە
پشتیوانی لە مراکزی مەزهەبی و دینی خەلك دەکاو ئیمکاناتیان لە ئیختیـــار
دادەندرێ ·
ماوەی چل سالە لە کوردستانی ئیران خودمختاری بوٚتە ستراتژی جولانـــەوەی
کوردستان · لەوماوەیە دا جولانەوە زور قوناخ و هەل و مەرجی بەخۆیەوە دیوەو
زور تاقی کردنەوەی تێ پەراندووەو شەهید و بریندارو زەرەر و زیانیکی زوریشــی
بەدواوە بووە · بەلام تا ئیستا نەتەنیا دەستکەوتیکیش وەدەست نەهاتووە بـــگرە
شەری نیۆخوی براکوژیش داوێنگیری جولانەوە بووەو شوێنەواری زور ناخوش و خراپی
لەنێو ریزی خەلك داناوە · ئایا بەراستی نەدەکرا ئال و گوریکی نوێ لە جولا ـ
نەوەی کوردستان دا بهاتبایە پیش ؟ ئایا جولانەوەی کوردستان و مەسەلەکانی
هەر ئەوەن کە چل سال پیش ئەورو باسیان لی کراوەو دروشمی بو دانراوە ؟
جولانەوەی کوردستانی ئیران هەر لە روژانی ئەودلەوە تووشی دوو حالـــەت و
بۆچونی زورّ نادروست بووە · یەکەم ئەوەبو دوای روخانی ریژیمی شا ، جولانە ـ
وەی کوردستان توشی دونبالەرەوی لە ئوپوزسیونی سەر لێ شێواوی ئیران بو ،
ئوپوزسیونیك کە قەیرانیکی توولی سیاسی و فکری بەسەر تەواوی بۆچون و تاکتیك
و ستراتژیان دازال بو · سەرلێ شێواوی ئوپوزسیونی ئیران راستەوخۆ شـــونی
دانایە سەر جولانەوەی کوردستانیش · حالەتی دووهەم ئەوەبو کە جولانـــەوەی
کوردستان بە گشتی چاوی لە ئاران بوو چوکترین هەلویستی فریودەرانەی مەلا ـ
یەك بەنیسبەت مەسەلەی کورد هێندەی دیکە خەلك و حیزبی چاولەدەستـــی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاران دەکرد . کومەلە بەتەواوی کەوتە نێو گێژاوەی قەیرانی چەپی ئێرانی و کوردستانی هەر لەبیر دەچووە . حیزبی دیموکراتیش پاش ئەوەی لە وتوویژ ناهومید بو کەوتە دوای چریکی فدایی و دوایەکەشی دونبالەرەوی لە شورای میللی مقاومەت . خەلکیش هێزو ئیرادەی خویان لەمەر گورینی وەزعەکە بەکەم دەزانی چون چاویان لە سازمان و حیزبە سیاسیکان بو . بەشێکی هوی ئەو وەزعە لەوە دابو کە حیزبەکانی کوردستان بە باس کردن لە خود مختاری و ناساندنی مافی چارەنووس هەر لە شکلی خود مختاریدا دەستی خویان بەتەواوی بەستبووە چون خود مختاری دەبێ حکوومەتی مەرکەزی بی دا، حکوومەتی مەرکەزیش ئەو کارەی نەکرد . سەرەرای ئەوە بەغەیری باس کردن لە خود مختاری هیچ چەشنە دروشمێکی دیکە وەك ئالترناتیو لە گوری دانەبو کە خەلك فکری لێ بکەنەوەو ریگا چارە بدوزنەوە . لێك دانەوەی هێزەکانی کوردستانی لەسەر ریژیمی ئیسلامی هەر ئەوە بوکە بەشی زوری ئوپوزسیون باسی دەکرد بە هێندێك جیاوازیەوە . هەلەی یەکەمی ئوپوزسیون ئەوەبو کە جمهوری ئیسلامی بەنوێنەری خەلك و شورشگیر و پیشکەوتوودژی ئیمپریالیست دەزانی . هەلەی دووهەم ئەوەبو ئەوکەرەتە جمهوری ئیسلامی جیالە پایگای کومەلایەتی و باوەری مەزهەبی خەلکی شیعە لیك دەداوە . یانی لەسەر یەکێ عونسوری مەزهەب کەبەردی بناغەی جمهوری ئیسلامیە لەلیك دانەوەکاندا بایەخی پی نەدرا .

هێزە سیاسیکانی کوردستان لە جیاتی دونبالەرەوی لەو وەزعە ئالوزەی ئوپوزسیونی ئێرانی نەهاتن سرنج بدەن بە جولانەوەی کوردستان . ئەوان دەیان توانی بەئیعتباری هێزی خەلك و جولانەوە، تەنانەت ئال و گور لە دروشم و ستراتژی و تاکتیك دا ریگا چارەیەکی باشتر بو داهاتوی جولانەوەکە ببیننەوە . کورت بینی سیاسی و بی بەرنامەیی بو بەهوی ئەوە کە جولانەوە نەتوانێ لە هێزو ئیمکاناتی هەزاران هەزار کەس کە بەدەوری وەبو کەلکی پێ ویست وەرگرێ . بەرنامەو ئامادەگی پێ ویست بورێك خستن و پەروەردەکردنی خەلك بە گویرەی پی ویست لەگوری دانەبو . تاماوەیەك چاولەدەست بوونی تاران و دوایەکەشی فازەکانی شورای میللی مقاومت و کونفرانسی ٦ ی کومەلە لە پائیزی سالی ٦٠ دا کە باسی روخانی زور زوی ریژیمیان دەکرد بونەهوی ئەوە کە دودلی و خوشباوەری بال بە

سەر جولانەوەدا بکێشی ، لەهەر دووی ئەو حالەتەدا پێ ویستی سازمان دانی خەلك و ئامادەکردنیان بۆ خەبات کەمتر دەبووە . ئەگەر هێزە سیاسێکانی کوردستان ، دوای راپەرینی ٥٧ لەلایەك تووشی دونبالەرەوی لە ئوپوزسیونی سەر لێ شێواوی ئێرانی نەبان و لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی چەند سالەی کێشەکێشی کوردیان لەگەڵ دەولەتە مەرکەزێکان لەسەر خود مختاری و ئوتونومی لەبەر چاو گرتبا ، دەیان توانی لەسەر هێزو توانای خەلك و جەوهەری جولانەوەکە زیاتر لە ئیستاش حیساب بکەن و خویان بە خود مختاری نەبەستباوەو لە دریژەی ئەو بوچونەدا جولانەوەی کوردستانیان خستبایە مەیدانیکی نوێ تر لە خەباتەوە . سەرەرای ئەوانە خۆ کوردستانی ئێران هەر مەجبور بیو دەست بۆ چەك بەرێ ئجا ئەگەر هەر قەرارە شەری چەکدارانەی دورو دریژبکا بوچی بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووس نەکا . ئەوەلەن قوناخ و دەورانی باس کردن لەخود مختاری و ئوتونومی هەر بە گوێرەی ئەزموونی چل سالەی خەباتی گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێران و عیراق تێ پەریووە . دووەمەن ئەرزشی سیاسی خود مختاری و ئوتونومی زۆرلەوە کەمترە کەشەری چەکدارانەی دورودرێژی بۆبکرێ .

ئەو حیزبە سیاسیانەی کە مافی دیاری کردنی چارەنووس لە خود مختاری و ئوتونومی دا دەبینن . نابێ خود مختاری و ئوتونومیکەیان بەوە ببەستنەوە کەچی دیموکراسی لەمەرکەز دابین دەکرێ . چون هیچ ریژیمیك نیە کاتیك دیتە سەر حوکم خوی لەوی پێشو بەباشتر و دیموکراتتر نەزانێ بۆوینە تا ئیستا لە عیراق چەند حکوومەت هاتونەتە سەرکار هەموشیان خویان لەوی پیشتر بەباشتر زانیوە گەلی کوردیش لەگەل هەمویان لەسەر ئوتونومی شەری چەکدارانەو موفاوەزەی بووە بەلام وەزعەکە هەروەك خوێ ماوەتەوە . جولانەوەی چەکدارانەی ئیستامان ئەگەر زوریش بەهیزبیت هەر ئەوەیە کە دەولەتە مەرکەزێکان مەجبوربە ماوەیەك موفاوەزە و وتوویژ دەکات بێ ئەوەی چوکترین ئال و گوری دیموکراتیك لەنیوەروکی سیاسی حکوومەتە مەرکەزیکاندا بێتە پیش . ئەگەر جمهوری ئیسلامیش بروخی بەو وەزعەی کە ئوپوزسیون و کومەلگای ئیران هەیەتی وا چاوەروان ناکرێ حکوومەتیکی وا دیموکراتیك بێتە سەر حوکم کە تەنانەت خود مختاری بو گەلی کورد قەبوول بکا ، ئەگەر وایە لەگەل ئەو حکومەتیش ماوەیەك موزا کرە و دیسان شەری چەکدارانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەست پێ دەکاتەوە. شەڕی چەکدارانە کە ئێستا بەسەر گەلی کورددا سەپاوە شوێنەواری زۆر ناخۆش و زیان هێنەری هەیە. شەڕی چەکدارانە فەرهەنگی تایبەت بەخۆشی بەدواوەیە کە تەواو لەگەڵ دیموکراتی و ڕوحی دیموکراتیکی ئینسان ناکۆکە. لە فەزایەکدا کە شەڕی چەکدارانەی تێدایە و چەک حکوومەت دەکا قەت ئازادی بە مانای واقیعی خۆی ناپارێزرێ. ئیمکانی ئاڵ و گۆڕی بیرو ڕاو گەشەی فکری لەناو دەچێ و پێشوازی کردن لە شتی نوێ کەمتر دەبێتەوە. چون لەو جۆرە فەزایەدا تەنیاو تەنیا دەسەلاتە کە چەند و چۆنی مەسەلەکان دیاری دەکەن نەک مەنتق و زانیاری. لەخۆبایی بون و خۆپەرستی کەلەکۆنەوە لە نێو کۆمەڵی کوردەواری وەک فەرهەنگی دەرەبەگایەتی ماوەتەوە هەمیشە لەناو جولانەوەی چەکداری کورددا گەشاوەتەوە و شوێنەواری خۆی داناوە. هەرکاتێک خەڵکی کوردستان کەتەماسیان دەکەن موفاوەزەو موزاکرە لەگەڵ دەولەتە مەرکەزیکان هەیە. هەم پێ یان ناخۆشەو هەم پێ یان خۆشە، پێ یان ناخۆشە چون دەزانن دەولەتە مەرکەزیکان درۆ دەکەن و مەبەستی فریودانیان هەیە لە وتوویژ. لەلایەکی دیکە پێ یان خۆشە چون شەڕ تەواو دەبێ وبۆماوەیەکیش بێ ولات هێمن دەبێتەوە.

ئەو جۆرە خەباتە کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانێوە لە کوردستانی عیراق و ئێراندا جی کەوتووە یانی شەڕی چەکدارانە بۆ خود مختاری و ئوتونومی، ماوەیەک وتوویژ لەگەڵ ئەو دەولەت و ئەو دەولەت دیسان گەڕانەوە بۆ چیاکان دەبێتەوهۆی ماڵ و بوون وەڕز بووتی خەڵک. ئەو شێوە خەباتە کەبەداخەوە وەک سوننەتی لێ هاتووە دەبێتە هۆی ئەوە کورت بینی لەنێو ڕیزی جولانەوەو ڕەش بینی لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا پەرە پێ بدا. لە چل سالی ڕابردووە تا ئێستا ئاڵ و گۆڕیکی زۆر بەسەر سیاسەتی جیهانی و وەزعی نێو نەتەوەی و تکنولوژی داهاتووە. بێ شک ئەگەر هیزە سیاسیکانی کوردستان لە ئالقەی کورت بینی بێنە دەرێ و چوارچێوەیەکی برین تر و گەورەتر بدەن بە بۆچون و لیک دانەوەکانیان، باشتر دەتوانن جولانەوەی کوردستان بخەنە مەیدانیکی باشتر و بەکەلک تر. یانی لە ماوەی چل سالی ڕابردودا هیچ ئاڵ و گۆڕێکی کومەلایەتی و فکری بەسەر خەڵک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا نەهاتووە کە جولانەوەکەش ئاڵوگۆڕی تێدا پێك نەیە ؟ سەرەڕای ئەوە دەوری حیزبێکی سیاسی هەر ئەوەندە شەڕی چەکدارانە بکا و بەس، مادام حیزبێك خۆی بە پێشڕەو دەزانێ دەبێ حەول بدا بەدەوری پێشڕەوی خۆی ڕەوتی گەشەی فکری خەڵك خێراتر بکا · دیاردەیەکی زۆر ناخۆشی جولانەوەی کورد کە کۆسپێکی زۆر گەورەی ڕێگای یەکیەتی و ڕزگاری گەلی کوردە · شەڕی نێوخۆیە · ئەگەر ڕۆژگارێك سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد دەکەوتنە گیانی یەکتر و لێکیان دەکوشت ئیستاش حیزبە سیاسیەکانی کوردستان ئەو ڕێگایە درێژەپێ دەدەن · شەڕی نێوخۆ بۆتە هۆی ئەوە کە وورە و توانای شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە شەڕی براکوژیدا سەرف بێ · دەکرێ بڵەین شەڕی براکوژی لە کوردستان دووهۆی هەیە · یەکەم ئەوەیە ئیمپریالیسم و داگیرکەرانی کوردستان کە بەباشی هەستیان بەریشەو واقیعیەتی مێژویی جولانەوەی کورد کردووە، بەهێزبوونی جولانەوە ڕاستەوخۆ بەزەرەری خۆیان دەزانن · ئەوان تائەو جێگایەی بۆیان بکرێ بە پیلانگێڕی، یەکیەتی ڕیزەکانی جولانەوە تێك دەدەن و پرش و بڵاوی دەکەن · دووهەم تا ئەو جێگایەی مەسەلەکە دەگەڕێتەوە سەر حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، بەداخەوە و بەراشکاوی دەبێ بڵەین کە شەڕی دەسەلات و قودرەتە ، یانی هەر حیزبەی دەی هەوێ دەسەلاتی کوردستان لەدەست ئەودابێ · دیارە هەر حیزبەی بەگوێرەی ئەدەبیات و بۆچونی خۆی بەرهەقی بوونی خۆی لە دژی ئەوانی تر تەفسیر دەکا · ئەو جۆرە بۆچونەش کە حیزبەکانی کوردستان یەکتر تەحەمول ناکەن بێ باوەری ئەوان بە دیموکراسی و ئازادی دەگەیەنێ کە گەلی کورد خەباتی بۆ دەکا · لەکاتێك دا دیاردەیەکی نوێی جولانەوەی کوردستان ا ئەوەیە کە گەلی کورد لەسەر ئەرزش وئەهەمیەتی دیموکراسی ئەوخاڵە سەرەکیەی دەست نیشان کردووە کە دەورانی تاکە حیزبی بەسەر چووە · لە ڕاستیدا ئەو دەوران بەسەر چووە تاکە حیزبێك بیێتە تاکە سواری مەیدانی جولانەوەی کوردستان و ویست و ئیرادەی کۆمەلانی خەڵك بە هێند نەگرێ و هەرچی‌ی پێ خۆش بێ بی کا و بی لە ·

تەفسیری دیموکراسی و چۆنیەتی حاکمیەت لە کوردستان لە ڕوانگای بەرژەوەندی حیزبی نەك قازانجی خەڵك یەکێك لەو مەسەلە سەرەکی و چارەسەرنەکراوانەیە کە هەمیشە کێشەی لەسەرە · کۆمەلە بەگوێرەی بەرنامەو بۆچونی خۆی دیموکراسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەفسیر دەکا و بێ ئەوەی ناوەروك و جەوهەر و خسوسیاتی جولانەوەی رزگاری خوازانەی کوردستان لەبەر چاو بگرێ دیموکراسی دەهاوێتە چوارچێوەیەکی چینایەتی و دابەشی دەکا بە دیموکراسی پرولیتری و بورژوازی . کانالیزەکردنی دیموکراسی لەسەر پرنسیپ و ئوسوولی چینێك لە چینەکانی کومەل لەناو جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی دا ، کارێکی چەپ رەوانەو لەخوێ دا دژی دیموکراتیکە . جولانەوەی کوردستان وەك جولانەوەیەکی رزگاریخوازانە نیشانەدەری ویست و ئیرادەی هەمو چین و توێژەکانی گەلە . رابەری جولانەوەش هەردەبێ رابەریکی دیموکراتیك بێ . حیزبی دیموکراتیش کەلەسەر یەك ناتوانێ جوابدەرەوەی داخوازی پیشکەوتوانەی کومەلانی خەلك لەناو جولانەوە دابێ، بەکەلك وەرگرتن لە دواکەوتوی خەلك تێ دەکوشێ لە ئال و گوری تازەلەناو کومەلی کوردستان بەرگری بکا . پێی وایە هیچ کەس نابێ رەخنەی لی بگری و شتی نوی باس بکا .

لە کوتایی دا ، ئەرکی سەرشانی هەر کوردیکی روناك بیر و پیشکەوتوو نیشتمان پەروەر بە هەر بیروباوەریکی سیاسی و نەتەوایەتی کە هەیەتی ، بەگوێرەی توانا و بەهەر شیوەیەك کە بوی دەکرێ لە پیوەندی لەگەل مەسەلە گرینگەکانی بزوتنەوەی کوردستان دا هەلویست بگری ::

١ـ بەربەرەکانی لە دژی هەر جوّرە لیکدانەوەیەکی نادروست و لادەرانە لە مافی چارەنووسی گەلی کورد . حەول دان بوّ ئەوەی گەلی کورد شارەزایی و زانیاری زورتری لەسەر مانای مافی چارەنووس پێ بدرێ . حەول دان بورامالینی هەرجوّرە دروشمیکی لاوەکی و بێگانەو کوّن لەسەر ئەساسی پەروەردەکردنی کومەلانی خەلك بە ئەدەبیاتی جولانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان لە بواری دروشم و ستراتژیوە .

٢ـ حەول و تێ کوشان بوّ ئەوەی زیاتر ماناو مەبەستەکانی دیموکراسی و ئەرزشی دیموکراسی بچێتە ناو ریزی خەلك ، لێ دوان و رون کردنەوەی زیاتر لە و پێوەندی دا لە سەر زورترین ئیحترام بوّ نەزەری یەکتر وتەحەمولی بیروباوەری موخالیفی یەکتر دەتوانێ یاریدەیەکی گەورەبێ لەسەر بەربەرەکانی لەگەل بوچونی غەیرە دیموکراتیکی حیزبەکانی ناو جولانەوەلە دژی یەکتر و لە دژی خەلك و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ریزەکانی خۆیان .

٣ ـ بەربەرەکانی لە دژی شەری نێوخۆیی براکوژی لەسەر ئەساسی ئەوەی کە کوردستان ملکی هیچ سازمان و حیزبێك نیەو ملکی گەلی کوردە ، لەسەر ئەساسی ئەوەی کە پەیرەوی کردن لە سیاسەتی تاکە حیزبی مەترسێکی گەورەی جولانەوەیە و چ ئەو حیزبە کوردستانیانەی ناوجولانەوە و چ ریکخراوی دیکەکە لە داهاتودا پیك بێن مافی خۆیانە خەبات و هەلسورانیان هەبێ .

* * * * * *
* * * * *
* * * *
* * *
* *
*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو نامیلکانەی کە کاتی خۆی نووسراون :ـ

١ـ بەربەرەکانی لەمەر پێوەست بوونی کۆمەڵە بە حیزبی کۆمونیستی ئێران و دیفاع لە کوردستانی بوونی کۆمەڵە ٠ کە زستانی ساڵی ١٣٦١ ( ٨٣ ) نووسراوە ٠ هەرچەند بەرپوەبەرانی کۆمەڵە زۆر بەنابە دلی لە چەند نوسخەدا ئیجازەی چاپیان دا بەلام لەناوریزەکانی کۆمەڵە دا بلاونە بووە ٠

٢ـ لیک دانەوەیەک لەسەر وەزعی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پائیزی ٨٣ نووسراوەو بەهاری ٨٤ هیندیک لەکادرەکانی حیزب لە ئوروپا چاپ و بلاویان کردەوە ٠

کتێبخانەی ... کوردان
تایبەتی بە ... چووەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org